# تێکەڵ و پێکەڵ

## پیاو لۆ خوای بریٚ

شوان غەمبار



### (عەزیز پاقلە)

هەرکە منی بینی دەستی کرد بە گریان، زۆر زگم پیٚ سووتا، زانیم لۆ دەگرییٚ، ماچم کردو هیٚورم کردەوە، گویٚ مەدیٚ کاک عەزیز باش نیە ئەتو پاقڵە دەفرۆشی، ئەمن (٢٦) مانگە بیٚ ئیشم، دارم لەسەر بەردی دانەنایە، بەخۆت دەزانی بەخۆت دەزانی کریٚچیشم، هەرکەسە خەمی خۆی پیٚ گەورەیە، گۆتی: خەتای خۆم بوو چەند گۆتت کورە ژنی مەهینە، کورە ئەو پارەی بەپیکابە ئیشی پیٚ بکە، هەر بەگویٚی تۆم نەکرد، ئەوەی نەکا بەگویٚی مەزنان دوو گویٚی پیٚوەبیٚ وەک کەرو بزنان، هەر ئەمن دەزانم، عەزیز چەند نازداربوو داکی لە خۆشەویستیان پیٚی دەگۆ: (عەزۆکە) داری لەسەر بەردی دانەدەنا بەپتی خۆی دادەوەشاند، هەر ڕۆژیٚ جلەکی لەبەر دەکرد سەعات ١١ لەخەوی هەڵدەستا شەویٚش سەعات ١ و دوو دەنوست، کە ژن هینانی کەتەسەریٚ بیٚ سیٚ و دوو خۆی پیٚ دادا. دەمزانی ئەو خۆشیە هەر هەفتەکە، ڕۆژ نەبوو شەق لەمەنجەری شیوی هەرنەدا، ئەو گەنجە سپۆرتە چی لیٚهات؟ تەماشام کرد ڕدینی داو داو سپی ببوو، خەریک بوو نەیناسمەوە لیٚی چوومە پیٚش ئەوجا ناسیمەوە (قونم دەویٚ کوزەرەی بکوتی) قورت بەسەر عەزیز تازە توش بووی دە هاوارکەو بلیٚ پاقلە پاقلە.



## ژێرکاتێر

دەربازبوونی زیندانیانی زیندانی ( زەرکا ) لە دهۆک



کاریکاتێر: مامۆستا نامۆ





## پاشماوەی خەبەر عاجیل

بۆ درێژەپێدانی قاقای پێکەنینمان بەو تەسریحە کۆمێدییەی نوری مالیکی، کە لە سەرەتای خەبەر عاجیلەکەی لاپەڕەی یەکەمدا بەچاوی خۆمان گوێمان لێی بوو، سەردانی وڵاتە فیتنەو فزولەکانی دراوسێی عێراقمان کرد، سەیرمانکرد ئەوانیش بوراونەتەوە لە پێکەنینداو هەندێکیان وەکو قالۆنچە ڕەشەکان لەسەر پشت کەوتون و ناتوانن قیت ببنەوە، جار جار هەنێ وشەی موشەککەل بە پێکەنینمان گوێ لێدەبوو، دەیانوت: ئەم کابرایە سیگناڵی تێکچوە، باشە کێ دەستکاری کرد؟ خۆ جاران تەرزەو شتی نەبوو!!

## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١. لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆداو لە بەرواری دوانزەی مانگی مەعاش بەندانی ساڵی دووهەزارو سەهۆڵی هەتاویدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ هیچ حیکمەتێک موچەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی بۆ ماوەی چوار مانگ و نیو لەلای خۆی گلدایەوەو پاشان بە تۆپەڵ دابەشیکردەوە بەسەریاندا!!

٢. لە عەسرێکی وەک هەینیداو لە کۆتایی مانگی دیسەمبەری ساڵی دووهەزارو یانزەی ڕەحمەتییدا، گەنج و پیرو کچ و کوڕو ژن و پیاوی ئاوایی تەشریفیان بردە دەرەوەی شار بۆ نوێژە بارانە، کاتێکیش باران باری دەستیانکرد بەم قسانە: لافاو بردینی، مەجراکانمان تەقی، ئەمە کەی حاڵە؟ ئەمە کەی وەزعە؟!!

٣. لە شەوێکی زۆر فێنکداو لە ڕێکەوتی بیست و شەشی دەفتەر بارانی ساڵی دووهەزارو دۆلاری حیسەی میللەتییدا، خانمە هونەرمەندی لوبنانی/ نانسی عەجرەم دەعوەتکرا بۆ هەرێمی کوردستان و پاش ئەوەی هەندێ لە برادەرانی مەسئول بە سەرمەقولات چون بۆ بێشوازی و فەرشی دۆلاریان لەبەر پێیدا ڕاخست، کەچی لە چەند ساتێکی چاوەڕوان نەکراودا بەبێ هیچ چالاکییەکی هونەری ڕایکردەوە بۆ لوبنان!!

# چێشتی مجێور




## نوکتەی سەفەری

* ماموٚستایەک بە تەلەبەکانی ئەڵێت «ئـەوەی خـوٚی بـە بێ عـەقڵ دائەنێت هەستێتە سـەر پێ» توٚزێک ئەوەستێت و تەلەبەیەک هەڵدەستێت ماموٚستاکەی پێی ئەڵێت توٚ خوٚت بە بێعەقڵ دائەنێیت؟ ئەویش ئەڵێت «نەوەڵا بەس بەزەیم بەتوٚدا هاتەوە بەتەنیا بەپێوە وەستایت!

* دوو مێش کوڕ و باوک بوون، لەسەر سـەری کابرایەکی کەچەڵ دەنیشنەوە، کوڕەکە وتی:باوکە زوٚرم تێنیە، باوکیشی وتـی: ئـەرێ کـوڕم سەبرت هەبێ لەو بیابان و سەحرایەی ئاو لە کێ بەدەست دەکەوی!

## خوٚت مەشغوڵ بکە.. بەڵام دوای دەوام

### ئا: ئوستاز رفعەت




**دووربێ لە رووتان بە پانی/**

١- بـە بـێ ژنـەکـان دەڵـێـن – (سـاقـی) بە نیمەچڵی.

٢- بێ سوٚراغ و شوێن – شێخی سەنعان بوٚ کچەکانیان لە دین وەرگەڕا.

٣- لە ئیستوٚپدا بوٚخوٚت پەیدای کە- .

٤- لای عەرەب گەرمە –پ- .

٥- کەڵەشێری هەولێر.

٦- لە ماڵ نەبێ پشیلە، عیشیان تلیل تلیلە –پ- – عیشێکی دزێو و شوورەییە.

٧- عەنتیکەو پەنتیکە– پ –.

٨- ڕێگایەکی نیوەچڵ- نیوەی (چەقی).

٩- ئاگای لە برسی نییەو بوٚی بکرێ تێشی هەڵەدا- سەرو گوێلاک پێکەوە رەبت دەکات.

**بیلامانێ بە درێژی /**

١- زاڵـمـەکـان لـە زوڵـم لێکاوەکان دەیکەن –دووربێ لە رووتان عەکسی درێژ.

٢- هـەر بـە لـووت قسەئەکا – لـە مریشکە دەکەن بیلامەعنا- عەینەن یەکن.

٣- هەر حەموومان-پ- .

٤- بە سەگی ئازا دەڵێن –پ-.

٥- یەک رەقەمێکەو بەس –پ-.

٦- لە ناو (گوٚرەویدا) بیدوٚزەرەوە – دیسان بێ سەرو سوٚراغ.

٧- اا + مرووورەکان بیلا مەعنا لە لێخوڕیندا.

٨- هەر لە گەڵ (سجوق)دا خوێندوومانە –پ- – (قەل) بە سەرو ملی یەکەوە.

٩- ئیرهـابیـەکان (٠٧)دانــەیـان بـە نسیب دەبێ-پ- لاعیبێکی مەشهوورە، بوٚ بەرشلوٚنە نوورە.




حلی ژمارەی پێشوو
بوٚ (سەردار کریم مەولود) دەرچوو



Basam rasam

باسم رەسام

هەولێر



که کارەبا نەبێت.. زۆر لەیەکتر ئەچن

هەرکەس پێ وتوون کەعەشق و ئازادی پەیوەندییێکی گرنگیان پێکەوە هەیە درۆزنە
پەیوەندییەکە لە نێوان ئازادی و کارەبادایە

# پیاوم ئەوێ خۆی لەبەربگرێ




کەریم مودەریس
تایبەت بۆ گەپ دەنووسێ


خانەقین بیگرە تاکو عەبدەلی، لەوەێوەش وەرۆ بەرێی مەندەلی، سەری قایمە هەر ناوی ئەوە، کەچی تێی کەوتووین بەهەرچوارپەلی، عەشتەبا نابێ نەجات لەدەستی، ئەمەیە کراس و کەوای گەندەڵی.. جا ئەوەی سەیرە لەم باس و خواسە، شلەکەی خۆشە بەدەست و پلی، ئەوی قسەی زل، زبەلاح ئەکا.. نەیناوەتە زار لەگۆشت و قەلی، هەرکە تامی کرد دووسەد سلاوات، بۆوەی ئەم ناوەی هێنا وەتەنی. عەینی تریاکە هەرکە بۆنی کرد، دەس لێی بەرنابێ لە ئەسڵی و فەلی، هەربۆیە ئەوەی ئەڵێ نەمێنێ، قسەیەو تاکو تامی ئەڤەلی، هەرکە تامی کرد بەس بۆ نموونە، وەک کەر لێی ئەخورێ ئەو بەعەمەلیجا کێ بێ بیکا قەلاچۆی ئەمە، کە ئیغرای کردووین بەقاچ و قولی، ئەوەی ئەیهێنی بە رەئیس لوجنە بۆنی هەر ئەکا لە (بار) تا جەلی، ئەمەیە حاڵی عەوامی سادە، پشتی شکاندووین دانی عەمەلی سەد تەلاق ئەخورێ رۆژێ بەبەلاش، مەگەر ئەمە نییە رەسمی گەندەلی...؟؟!! جا گەندەڵی ئەم هەموو عەزەلاتەی هەبێ، خۆ هەرچی عەدنان قەیسی ئەم وڵاتە هەیە نەک ناگەن بە سەرووی ئەژنۆی و بۆکسێکی عاتیفی بگەیەننە فەوقە لروکبەی، بەڵکو هەنێ لەترساو هەنێ لەبرسا ئامێزی بۆ ئەگرنەوە. ئەووەل جار ئەڵێن بۆ هەڵخەڵەتاندن لەباوەشی ئەگرین، لەپاشانا ئەیخنکێنین و لەناوی ئەبەین بەشکو ئەم دێوزمەیە نەمێنی لەنێومانا بەهەوەسی خۆمان تاتۆ بکەین، و هەرچی مۆڵی ئەم شارەهەیە بیکەین بەگیرفانمانا، کەچی هەرکە بەو مەعنایە لەئامێزی ئەگرن، بۆن و بەرامەی وەها دزەی کونی لوتیان ئەکا فەورەن ئەم موئامەرەی لەئامێزگرتنە فش ئەبێتەوەو ئەبێت بە وەحدەی وەتەنی و وەعد و پەیمانی لەسەر بینا ئەکرێ.

ئێ باشە کابرای برسی هیچ نەدیوەی ئەم وڵاتە پڕ لەزێڕوزیوە قەینا، ئەی کابراکەی دیکە بۆچی لەترسا وەها لەبەردەم گەندەڵیا ئەتوێتەوە. بەمەزەنە لەبەر ئەوەیە ئەگەر دەس درێژنەکا تا بنی هەمانەی گەندەڵی و وەک پەنیرو نیڤیشکی جاران وردە وردە لێی دەرنەهێنێ، وەک دەرهێنانی ئەم حەمکە خۆڵ وخاشاکەی سجنەکەی زاخۆ کە یانزە تۆمەتباری (بێکەسی فەقیری) تێدا هەڵات، تۆمەتەکەی لەسەر ئیسپات ئەکەن و هەر بۆهەوەس ئەیکەن بەملیا، ئێ هەر ئەوەنە شتیش کرا بەملتا ئیتر بە دوعای غەوسیش لێی نابێتۆ، تا تۆ ئەڵێی خدر نیم و قایرم ئەوان کامی خۆیان لێت ئەبینن. جا گریمان ئەوە بەدوعاو زیارەتی دەس و مەچەکیش لێت بۆوە، ئێ خۆت نایزانی لەم دەڤەرەدا هەر ئاگاشت لێ نییە لەحزوورا چۆن دەست بۆ هەڵئەبڕن و، پاشملەش چۆن ئەنواع بەرگ و ئەلبیسەت بۆ هەڵئەبڕن کە نەهیچێکیان لەمەقاسی تۆیەو نە ئەگاشت لێیە سواری چ کەرێکیان کردووی و بەناو ئۆمەتا غلیان کردویەتەوە..!!




دواکاتێر